

# ئەم وشانە ئێمەیان کوشت

**شیعری حەمەکاکەڕەش**

**لەوێوەهاتین**
**لەماڵی حیکایەتە تاریکەکانەوە..ڕژاینە ژیانەوە**
**ئەو ماڵانەی پڕن لەگوناهو.. خاڵین لە کڵپەی ئەشق و بەفری خەیاڵ**
**ئەو ماڵانەی ..دوورن لە پەروەردەکردنی باڵندەو گوڵ**
**خاڵین..ئاسمانی ئەو ماڵانە خاڵین**
**لە مانگ و ئەستێرەی یاری**
**وشک و بێدەنگە دڵی ئەو ماڵانە..لە تاڤگەی خەون**
**لەو ماڵانەدا ژیان چرایەکی کوژاوە بوو**
**گرێک نەبوو دایگیرسێنێ**
**ژیان ئاوێنەیەکی درز بردوو بوو**
**تاریکی قژی لەبەر دادەهێنا**
**لەو ماڵانە دا لەپێش ناوی یارییەکانەوە**
**لەپێش ناوی گوڵ و باڵندەکانەوە**
**ئەبێ ناوی**
**ئەسحابەو خەلیفەو پیاوچاکان و جنۆکەکان بزانین**
**لەوێوە هاتین**
**لەماڵی حیکایەتە تاریکەکانەوە ڕژاینە ژیانەوە**
**لەو ماڵانەدا لێدان و ترس و تورەیی**
**وەک دڵی ئاگردانەکان گەرم بوون**
**ئاخ ئەو ماڵانە چ غەدرێکیان لێکردین!**
**کە لێیان دەداین**
**بێئاگابوون چ ئاسەوارێک جێدەهێڵن**
**بێئاگابوون لەوەی بچووکی و گریان و،بێدەنگی دەیخواردینەوەو**
**دەیکردینە پارچەیەک تورەیی و .شەڕ!**
**کەلێیان دەداین ،**
**کەبێدەنگیان دەکردین،**
**شەڕمان بەدارو دیوار و ئاسمان دەفرۆشت!**
**قژی سەرمان ڕادەکێشا**
**پەنجەی دەستی خۆمان دەکرۆشت!**

کەلێیان دەداین،
ئێمەش جەلادانە لەسەگەکانی کۆڵانمان دەدا!
کەهەڵیان دەواسین
ئێمەش قەسابانە چۆلەکەکانمان هەڵدەواسی!
گوڵی خەونەکانمان دەخرانە ژێرپێ
گوڵی باخچەکانمان هەلا هەلا دەکرد!
هەناسەو خەیاڵیان دەکوشتین
کۆترەکانمان دەکوشت!
یارییەکانیان لێ تێکدەداین
هێلانەی قومرییەکانمان نغرۆ دەکرد
دەستیان داخ دەکردین
پشتی کەرەکانمان برینداردەکرد
سەریان دەشکاندین
لە هەزار لاوە سەری درەختەکانمان دەشکاند!
تفیان لێدەکردین
تفمان لەهەورەکان دەکرد!
هەراسانیان دەکردین
گۆڕستانەکانمان هەراسان دەکرد!
ئاخ..دەنگدانەوەی لێدان بەهەڵەیدا بردین!!
ئاخ..ڕەنگدانەوەی لێدان فێری غەدری کردین! !
ئێمەیان کرد بەوێنەیەکی کاڵی خۆیان
تابڕوامان بە عەشق و سادەیی و جوانی نەبێ
بەهەڵە بەکۆڵانەکانی ژیاندا هاتین
بەهەڵە گەورەبووین
کەهاتین!
لەسەری هیچ کۆڵانێک درەختێک نەڕوابوو
بۆچاوەڕوانی ئێمە .. لەهیچ ماڵێکدا
دەرگایەک، پەنجەرەیەک نەکرایەوە بۆ هاتنی ئێمە
بەگوێسەوانەی هیچ ماڵێکەوە
دوو چۆلەکە بەجریوە نەیان ووت..بەخێربێن
کەهاتین..
لەباخچەی هیچ ماڵێکدا سەوزەگیا ئارام نەبوو
لە کووپەی هیچ ماڵێکدا ئاو خەیاڵ نەبوو
لەئاگردانی هیچ ماڵێکدا

پشکۆیەک..کڵپەیەک نەبوو بۆئەشق
لەئاسمانی هیچ حەوشەیەکدا کۆترێک پیاسەی نەدەکرد
کەهاتین!!
نەیانهێشت لەتاڤگەی بۆنی گوڵێکەوە بچینەژیانەوە
نەیانهێشت لە پەنجەرەی باڵی بازێکەوە بچینە ئاسمانەوە
بەتریفەی مانگ جۆلانەبکەین
لەگەڵ هەناسەی گوڵە نازنازێکدا گەورەبین
وەک جوانی گوڵەباخێک پڕ بین لە ناسکی
بەشاباڵی کۆلارەیەکدا بگەینە ئەستێرەیەک و
لێی بنوسین ، ئەمانەوێ ڕووت بینەوە
ئینجانەی دڵمان پڕکەین لەدڵۆپە گوڵەکانی باران
لەبەفەر پەیکەرێک بۆ ئەو باڵندانە بکەین
کە لەقەفەزی کەلەسەرماندا پەڕو باڵیان هەڵوەری
بەئاوازی قونەقونی کەروێشکێک گۆرانی بڵێین
نەیانهێشت.
خواوەندو ... مردن و ...
بەهەشت و .. دۆزەخ و ...
عەشق و ... ژن و ... ژیان و
شەڕو ئاشتی بناسین

خەتایان کرد!!
هێشتا ماچی ژیانمان نەکردبوو
وتیان بیر لەمردن بکەنەوە
هێشتا هیچمان نەبینیبوو
وتیان چاوەکانتان دەخەن
هێشتا پێنەکەنیبووین
وتیان بگرین
هێشتا نەماندەزانی قسەکەین
وتیان بێدەنگ بن!!
ئاسمانی بچوکی سەرمانیان پڕکرد لەباڵندەی ئەم وشانە
ماسی ئەم وشانەیان فڕێدایە کانی خەیاڵمانەوە
باخی دڵمانیان بە ئاوی ئەم وشانە ئاودا
ئەم وشانە ئێمایان کوشت!!

عەیبە.. ترس.. شەرم.. پرس
بەهەشت.. ئیمان.. مردن.. دۆزەخ
ئاگر سووتان.. قیامەت.. حەشر
جنۆکە.. حۆری.. دوپشکە.. مار
ئای لەئازاری گۆڕەوشار
ئەم وشانە ئێمەیان کوشت!!
بۆ دیواری بوونی ئێمە
هەر ئەم وشانە بوون بەخشت.
دنیایەکی پڕ لە هەڵەین
بیابانێکی ئاڵۆزو ئاوێنەیەکی پڕ پەڵەین
بەگومانین پڕ لەڕق و پڕ لەگریین
بەرەو ڕەوەی شەرم ، ترس ، عەیبە ، پرس
گڕوگاڵ ئەکەین.. پێ ئەگرین
حیکایەتی ئەم وشانە ژیانی بیربردینەوە.